# دیموکراسی، ڕێگوزەرێك بۆ دیکتاتۆری

**سالار ڕەشید**
salarrasheed@yahoo.com

**"دیموکراسی یانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی"، لەسەرتاسەری دنیادا ئەم لێدانەوەیە کراوەتە تێگەیشتنی گشتی خەڵك. دیارە لارییەك لە دەنگدان و ڕاپرسی نییە، بەڵام دەنگدان و ڕاپرسی خۆی لەخۆیدا و خۆبەخۆ بە دیموکراسی و ئازادیت ناگەیەنێ.**

**حیزبە ئیسلامییەکان، بەهۆی ئەوەی چەند دەیە بوو دنیا بەرەو ڕاست ملی نابوو، حیزبگەلی ناسیونالیزمی عەرەبیش تووشی ناکامی و قەیران هاتبوون، پەرەسەندنێکی بەرچاویان بە خۆوە دی. لە هەلومەرجێکی وەهادا ئەم حیزبانە بەگەرمی خوازیاری هەڵبژاردن و ڕاپرسین، ئەویش بە پشت ئەستووری نفوزێك کە لە زەمینەی زەلکاوی مەینەتی خەڵك پەیدایان کردووە. ئەمانە لە ئەنجامی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە وڵاتی جەزائیر زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناو، ئەگەر دیموکراسی بەو مانایە بێت کە ئێستا برەوی پەیدا کردووە، ئەبوو لە هەمبەریان نەوەستن و دامودەزگای حوکمڕانییان تەسلیم بکردنایە، کە حیزبە ئیسلامییەکان هەتا ئێستاش خۆیان بە مافخوراو دەزانن و پێیان وایە ئەوە ڕەفتارێکی نادیموکراسی بوو لەتەك ئەواندا کرا! چەند دەیە پێش ئێستا لە وڵاتی شیلی، حیزبی کۆمۆنیستی شیلیش زۆرینەی دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتەی بەدەست هێنا، بەڵام لێ نەگەڕان ئەوانیش ببنە حوکمدار و وڵات بەڕێوە بەرن!**

**ئەمڕۆ لە عێراقیش ئەحزابی ئیسلامی شیعە مەزهەب کە بە هۆی هەلومەرجێکەوە پێشتر لێی دووابن، بەهۆی کۆمەکی بێ ئەژماری جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە بۆیان، نفوزێکیان پەیدا کردووە و بە پشتئەستوورییان بەمە، بەگەرمی باسی هەڵبژاردن و دیموکراسی و شورا و موشاوەرە بەخەڵکی ئەکەن!**

**بەڵام ئیتر لەکەس شاراوە نییە کە لە ئەگەری هاتنەسەرکاری ئەمانە کۆمەڵگای عێراقی ڕووبەری چ تاریکستانێك ئەبێتەوە، وە چۆن مانەندی هیتلەر کە ئەویش هەر بە هەڵبژاردن و دیموکراسی دەستی کورسی فەرمانڕەوایی گرت، جێگە چۆڵ ناکات!**

**خەڵکانێك کە ئەزموونی ئیسلامی سیاسی ئێرانیان لەبەرچاوە بەوانە دەڵێن: ئێوە وا بە نیازن حکومەتێکی تر لە چەشنی ئێرانمان بۆ دامەزرێنن؟! لە وەڵامدا دەڵێن نەخێر! هەر وڵاتە هەلومەرجی موشەخەسی خۆی هەیە! بەم دەستەواژەیە خۆیان دەبوێرن لە ڕاستی مەسەلەکان... بەڵام کە وردتر فشاریان بۆ دەهێنی و دەڵێیت: لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی ئیسلامی ئێوەدا بوار دەدرێت بە کەسانێك کە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن؟ لە وەڵامدا دەڵێن حکومەتی ئیسلامی کە زۆربە دەنگی بۆ داوە چۆن دەبێت ڕەخنەی لێ بگیرێ و بێحورمەتی بە ڕای زۆربە بکرێت؟! بە شێوەیەکی گشتی ئەوانە بەوە سەرکوت دەکرێن کە چۆن دەبێت ڕەخنە لە کەلام و یاسای ئیلاهی بگیردرێ.. بەڵام لە ساتەوەختێکی وادا شمشێری دیموکراسی و ڕاپرسی ئەهێننە گۆڕ!**

ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگای سەرمایەدارانە بۆ ئاڵوگۆڕپێدان و دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لە نێو خێڵی خۆیان و دژ بە خێڵی بەرهەمهێنەران هەر چوار ساڵ جارێك، ئەوا لە وڵاتانی دیکەی وە ك ڕۆژهەڵات ڕێگەی بەدەسەڵاتگەیاندنی کۆنەپەرستترین و سامناکترین دەسەڵاتی سەردەمە!
بۆیە چەمکی دیموکراسی ناتەواو و گومڕاکەرە بۆ گوزارەکردن بە ژیانێك کە مرۆ تێیدا بە ئازادی زیندەگی بکات و مافەکانی پارێزراو بێت، بە تایبەتی ئەم دیموکراسییە حکومەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا پێشەنگێتی، کە کردەوەکانی لە دنیادا ئیتر شاراوە نییە. ئەگەر ئەو پێشەنگی دیموکراسییە توانی دەساڵ بەر لە ئەمڕۆ، ڕای گشتی دنیا بۆ خۆی کێش بکا، بە هۆی بەرامبەرکێ و شکستپێدانی وڵاتانی دیکتاتۆریی سەرمایەداریی دەوڵەتی، ئەوا ئیتر ئەمڕۆ خەڵکی دیموکراسییەتی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادیشی بینی.
کەواتە دیموکراسی ناتوانێت پێوەرێك بێت بۆ کۆمەڵگایەك کە ئینسانەکان تیایدا بە مافە فەردی و مەدەنییەکانیان گەیشتبن، ئازاد و بەختەوەربن...
هەر بۆیە "ئازادی" پێوەرێکی کامڵترە و گشتگیر ترە، نەك دیموکراسی.

20. 09. 03